# خوێندنەوەیەک بۆ ژیانی (ستریندبێرگ) لە شانۆنامەی (باوک)دا

**لێدوانی: چنار نامیق**

(ئاوگوست ستریند بێرگ ١٨٤٩- ١٩١٢) وێنەی شانۆنامەی (خاتو جولیا، سەمای مەرگ، خەون، سۆناتای تارماییەکان، قوو، کریستین) وەکو (باوک) بەیەکێک لە شاکارە گەورەکانی دێتە ژماردن.

لەماوەی ژیانیدا لە دۆخێکی ئاڵۆزدا ژیاوە، بۆیە دوانجار شێت دەبێت و لە کۆمەڵە چیرۆکی (هاوسەرەکان)دا لە چیرۆکی (سزادانی شێتێک)دا چیرۆکی تەمەنی خۆی دەنووسێتەوە. بێرگ کاریگەر بووە بەشانۆی نوێ و فوتابخانەی شێوازی ئەڵمانی. کارەکتەرەکانی ئەم شانۆنامەیە بریتین لە:

**کاپتن**
**لاورا:** ژنی کاپتن
**بێرتا:** کچی کاپتن
**دکتۆر ئۆستەر مارک:** دکتۆری تایبەتی کاپتنە
**قەشە:** باوکی لاورایە
**دایەن:** پیرە مارگرێت
**نۆید و پیاوێ:** لەبەردەستی کاپتندا کاردەکەن.

شانۆنامەکە سێ پەردەیەو پەردەی یەکەم نۆ دیمەنو پەردەی دووەم پێنج دیمەنو سێیەمیش هەشت دیمەنە لە بڵاوکراوەکانی (کۆمەڵەی هونەری کوردی- سوید)ە و لەلایەن (کوردۆ گەلالی)یەوە لە زمانی سویدیەوە کراوەتە کوردی. کاپتن کەسێکی باسایەو لە سوپادا کاردەکات و باوکی بێرتایە و دەیەوێت کچەکەی بەویستی خۆی پەروەردە بکات، بەڵام ماڵەکەی پڕە لە ئافرەت و هەریەکەیان دەیەوێت بە جۆرێک پەروەردەی بکەن. (دایکی لاورا) کە لە ماڵەوە لەگەڵیاندا دەژی، دەیەوێت بیکاتە کەسێکی ئایین پەرست کچی (لاورا) بەپێچەوانەوە دەیەوێت ببێتە (ئارتیست) ماموستا دەیەوێت بیکاتە (میتۆ دیست) پیرە مارگرێتی دایەنیش کە لە منداڵیدا دایەنی کاپتن بووە. ئاکە کەسە (کاپتن) گوێی لێ رادەگرێت. ئەویش دەخوازێت (بێرتا) ببێتە (ئاپێتیست) واتە تەعمیدکەر. کارەکەرەکانیش دەیانەوێت بچێتە لەشکری فریادرەسەوە. کاپتن ئەم جۆرە پەروەردەیە رەت دەکاتەوەو پێی وایە تەنها ئەو مافی ئەوەی هەیە بڕیاری چارەنووسی کچەکەی بدات، بەڵام بەردەوام دژایەتیی بڕیارەکانی دەکرێت، بۆیە دەیەوێت بێرتا لە ماڵ دووربخاتەوەو ئەوبڕیاری بکات لە دەست ئەو جۆرە پەروەردەیە و بینێرێتە شار بۆ ئەوەی بەتەنها بژیت و درێژە بەخوێندن بدات، خۆی بیری خۆی پەروەردە بکات و بە ئازادی ژیانی خۆی دیاری بکات. **قەشە بە کاپتن دەڵێت:** لە ماڵەکەتدا ئافرەت زۆرن بۆ سەرداری.

**کاپتن:** بەڵێ ئەی چۆن؟ ئەمە وەک ئەوە وایە بچیتە ناو قەفەزی پڵنگان و ئیتر ئەگەر شیشێکی داخ و سوورەوکراویان لە ژێر لووت راگرم ئەوا هەر ساتێک بیانەوێت دەتوانن هەڵم درن. ئێی مام رێوی خۆ شتەکە ئەوە نەبوو کە من خوشکی تۆ بێنم، بەڵکو تۆش بەهەڵەت بردم.

کاپتن ژیانێکی ناهەموار بەسەر دەبات وێڕای دەست تێوەردانی خەسووی لە کاروباری ماڵەکەیاندا، پیرە مارگرێتی دایەنی وەک منداڵ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بە راستی جڵەوی لەدەست داوەو لە دنیایەکی ئاڵۆزدا دەژین.

کاپتن دەیزانی ماڵەکەی لە تێکچووندایە (لاورا)ی ژنی ئاهێتی (بێرتا)ی لێ جیابێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێت لەوێدا بژیت. ئەو ئەیەدەخواست کچەکەی بکاتە منداڵێکی بلیمەت یان رەوشتی ئەو وەربگرێت، بەڵکو دەیویست ببێتە ماموستا و وای دەزانی ئەگەر بەکچی بێنێتەوەو مێرد نەکات، ئەوا دەتوانێت خۆی بپارێزێت، رۆژ لە دوای رۆژ ملململانێکە ئاڵۆزتر دەبوو، (لاورا) لایەنگری گەلێک زۆر بوو، بەردەوام بوو بووە مایەی پشێوی خێزانەکە، ئەم دیاردەیەش لە دژایەتیی ئەو میندا دەردەکەوێت. رۆژێک کاپتن پرسیار لە (بێرتا) دەکات سەبارەت بە ئارەزووی لە چوونی بۆ شار، ئەویش بەم پرسیارە خۆشحاڵ دەبێت، پاشان (لاورا) بە مەسەلەکە دەزانێت بە کاپتن دەڵێت تا چەند بێرتا رازییە بەم کارە؟

پاشان بۆی ئاشکرا دەبێت کە بێرتا پاش چەند رۆژێکی دی سەفەر دەکات. روو لە کاپتن کات.

**لاورا:** تۆ ناتوانی ئەو بڕیارە بدەیت، بێرتا دووربخەیتەوە! چونکە من دایکیمە و دەبێت خاوەن بڕیار بم.

**کاپتن:** من باوکیم و خاوەن بڕیارم.

**لێرەدا (لاورا) کاپتن دەخاتە گومانەوەو دەڵێت:**

- ئایا تۆ دەزانی کە بێرتا کچی تۆیە یان نا..؟ تەنیا دایک دەزانێت کێ باوکی منداڵەکەیەتی.

هەر لەو گومانەوە باری سایکۆلۆژیی کاپتن تێک دەچێت و چیتر لەو باوەڕەدا نامێنێ کە بێرتا کیژی خۆی بێت. زۆرجار رێنەکەی بەراورد دەکات لەگەڵ رێنەکەی خۆیدا، پرسیار لە خەڵک دەکات (ئایا شێوەی لە من دەچێت؟!)

لەم سۆنگەیەوە، کاپتن تووشی حاڵەتێکی دەروونیی شڵەژاوو ناناسایی دەبێت بەدەست ئەو هەموو گومانەوە کە خێزانەکەی لەلای دروست کردووە لە لایەکەوەو لەلایەکی ترەوەش بەهۆی خراپی مامەڵە کردنی ئەندامانی ماڵەکەی لەگەڵیدا، هێندە ئاڵۆز دەبێت، دەکەوێتە ژێر چاودێریی پزیشکەوە، پاش لێکەوتن و کەنەفت بوونی دەڵێت: چ رۆژگارێکی خۆش بوو ئێستا وای لێهاتووە نەتۆوانت دەویست ئەمن! لەگەڵ ئەوەشدا هەروای لێهات، کێ چارەنووسی ئێمەی دەست نیشان کرد؟

**لاورا:** خواوەند خۆی ئاگە دەست نیشانکەرە.

**کاپتن:** واتە خواوەندی شەڕ یان ئێستا وای لێهاتووە بڵێین (خواوەندی ژن)! (هەردوو دەستی توند بەسراوە).

**لاورا:** دەتەوێ منداڵەکەت ببینی ئادۆلف؟ قسە بکە!

**کاپتن:** منداڵی من، پیاو منداڵی نییە، تەنیا ژن منداڵی هەیە بۆیەش بۆی هەیە دوارۆژ ببێتە هی ئەوان لە کاتێکدا ئێمەی پیاو بێ منداڵ سەر دەنێینەوە!

ئای... خوا منداڵی خۆشدەوێ.

**دایەن:** گوێ بگرە لە خوا دەپاڕێتەوە!

**کاپتن:** نەخێر لە تۆ دەپاڕێمەوە

پاش پشکنینی دکتۆر دەردەکەوێت تووشی ئیفلیجی مێشک بووەو پاشان دەمرێت.

لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەم چیرۆکە زۆر نزیکە لە چیرۆکی (سزادانی شێتێک)ەوە کە ستریندبێرگ باسی ژیانی خۆی دەکات بە هەمان شێوە لە (باوک)یشدا هەمان حاڵەت دووبارە دەبێتەوە کە لە جوغزێکی بێهوودەیدا زۆربەی دەقەکانی ئەم نووسەرە دەسوڕێتەوە.

(ستریندبێرگ) بەهۆی ئاڵۆزی و جەنجاڵیی دنیای دەوروبەریدا شێت دەبێت و لە زۆربەی دەقەکانیدا ئەم شێتبوونە رەنگ دەداتەوەو هەرگیز ناگەڕێت بە دووی رێگە چارەیەکی بۆ ژیانیدا وەک ئەوەی لە شانۆی کلاسیکدا هەیە ئەوەتا لە (سزادانی شێتێک)دا شێتەکە سزای مردن دەدرێت و لەم دەقەشدا کاپتن کە چیرۆکی ژیانی خۆیەتی بە مردن کۆتایی پێ دەهێنێ. ✤

